Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.02.23 02:44:04 +01'00'

**Revolutionareis Union of Kurdistan** — **یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**Central Committee** — **کۆمیتەی ناوەندی**

# گەلی کورد شانۆگەریی هەڵبژاردنی تەحریم کرد

دوێنێ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان جارێکی دیکە وەڵامی "نا"یان بە رێژیمی داگیرکەر و دیکتاتۆریی مەزهەبی دایەوە. ئەوان بە بەشداری نەکردن لە شانۆگەریی هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەمی رێژیمدا، سنوقەکانی دەنگدانیان بۆ سەرانی رێژیم و دەست و پێوەندەکانیان بەجێهێشت.

کاربەدەستانی پێوەندیداری رێژیم سەرەڕای حەول و تێکۆشانی زۆر و وەرێخستنی شەپۆلی تەبلیغاتی و هەڕەشە و تەماح وەبەرنان و کاندیداکانیش سەرەڕای پووڵ و پارە و میوە بەشینەوە، نەیانتوانی کار لە بڕیار و ئیرادەی زۆربەی خەڵك بکەن و تەنیا کەمایەتییەکیان بۆ خڕکرایەوە کە ئەویش بەشێکیان بریتی بوون لە مووچە خۆرانی بەزۆر هێنراوی دەوڵەت، سەربازانی نێو پادگانەکان و موعتادەماڵوێرانەکانی کەوتووی نێو پارك و قەراغ شەقامەکان.

دوێنێ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە هەڵوێستێکی بێ وێنەدا، بە دەر نەچوون لە ماڵ و چۆڵ کردنی شەقامەکان و دەنگنەدان؛ تەواوەتی رێژیمی کۆماری ئیسلامییان، تووشی ریسواییەکی دیکە کرد و لە لایان خۆیانەوە کۆتاییان بەو یارییە هێنا کە سەرانی بڕیار بەدەستی رێژیم و ریفۆرمخوازانی حکومەتیی ٦ ساڵە پێیەوە خەریکن. هەروەها پاشماوەکانی "توهم" و تەمای گۆڕانکاریی دیمۆکراتیی لە نێو خۆی رێژیم و لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامییان تووڕدا. ئەو ئاکام و ئامارانەی رێژیم لەو شانۆگەرییەی رادەگەیەنێ ناتوانن هیچ رادەیەك لەو راستییە بگۆڕن.

ئەم هەڵوێستە مێژوییەی خەڵکی کوردستان بەری ئەزموونی خۆیان و چوونە سەرێی ئاستی هۆشیاریی سیاسی و داواو بانگەوازی حیزب و رێکخراوە سیاسییە خەباتگێڕەکانی وڵات بوو و هیچ قۆڵ و دەستە و تاقمێکی رێژیم، یان دەوروبەری رێژیم، چ لە کوردستان و چ لە سەرانسەری ئێران ناتوانن بە حیسابی خۆیانی بنووسن.

لەم رۆوە گەلی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات، پێ دەنێتە قۆناغێکی دیکە لە خەبات و تێکۆشان. قۆناغێك کە دەبێ زیاتر پشت بە خۆی ببەستێ و لە ئاکامی خەباتێکی لێبڕاوانە و فرە چەشندا، رادانی هێزە داگیرکەرەکانی رێژیم لە کوردستان و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی نەتەوەیی فیدراڵی و هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستانی لێبکەوێتەوە.

لە وەها بارودۆخێکدا ئەرکێکیگرینگ دەکەوێتە سەرشانی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان و روناکبیرانی کوردستان. حیزب و رێکخراوە سیاسییە خەباتگێڕەکانی کوردستان پێویستە پلاتفۆڕمێکی هاوبەشی سیاسی دابڕێژن و لە چوارچێوەی ئێئتیلاف یان بەرەیەکی کوردستانیدا یەکبگرن. رووناکبیرانی کوردستان لە سەریانە پیلانە جۆراوجۆرەکانی رێژیم بۆ بەلارێدا بردنی خەباتی گەلەکەمان بناسن و لەقاوی دەن؛ کۆمەڵانی خەڵك بە ناسنامە و ئامانجە نەتەوەییەکانمان ئاشنا بکەن، لە بەفیڕۆ چوونی هزر و تواناکان پێشگیری بکەن و نەهێڵن ئەزموونی شکست خواردووی ئیسلاح تەڵەبانی حکومەتیی لە شێوە و قاڵبی دیکەدا دووبارە ببێتەوە و رێگە نەدەن ئەوانەی لەو شانۆگەرییەدا بەناوی "نوێنەری" کوردەوە دەچنە مەجلیسی کۆنەپەرستی، بە وەعد و بەڵێنی ناراست کۆمەڵانی خەڵك لە خەبات سارد بکەنەوە و لە چاوەنواڕییاندا رابگرن.

**سڵاو لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان**

**سەرکەوێ خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد**

**کۆمیتەی ناوەندیی**

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**١ی ڕەشەمەی ٢٧٠٣**

**٢١ی فێوریەی ٢٠٠٤**